# رۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لەئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستان[1]

**کامەران حەمەکەریم سوبحان*** **پ.د. یحیی عمر رێشاوی****

وشە کلیلییەکان: ڕۆڵ، کەناڵی ئاسمانیی، ئاڕاستەکردن، سیاسەتی کولتووریی، هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10132

**پوختە**

کەناڵی ئاسمانیی، یەکێکە لە ئامڕازە میدیاییەکان، کە تاهەنوکە ڕۆڵ و کاریگەریی لەئاڕاستەکردن و گەشەپێدانی زۆر بواردا هەیە، یەکێك لەو بوارانە بواری کولتووری و سیاسەتی کولتوورییە. لەم گۆشەیەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە، لە پرسیارێکی سەرەکیدا پوختەدەکرێتەوە: (**ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕۆڵیان لەئاڕاستەکردن و داڕشتنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستاندا هەیە؟)** لەم پرسیارەوە، توێژەران بەدوای دۆزینەوەی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەگەڕێن لەئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستاندا. لە توێژینەوەکەدا پەیوەندی نێوان (**کەناڵی ئاسمانی و سیاسەتی کولتووریی**) لەچەند گۆشەو ڕەهەندێکی جیاوازەوە شیکراوەتەوە. توێژەران، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەیان، چەند پرسیارێک لەبارەی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و بوونی سیاسەتێکی کولتووریی لە هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئامڕازی (فۆڕمی ڕاپرسی) شرۆڤە دەکەن. لە کۆتاییدا بەچەند دەرەنجامێک گەشتوون، لەوانە: زۆرینەی بەرتوێژانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە پێیانوایە ئامڕازی تەلەفزیۆن، لە ئامڕازە میدیاییەکانی تر، کاریگەریی زیاترە لەسەر ئاڕاستەکردن و گەشەپێدانی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستان، هەروەها زۆرینەی بەرتویژانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە، پێیانوایە ستراتیژو مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، لەسەر بنەمای حیزبی و سیاسی داڕێژراوەو زۆرینەی بەرتوێژانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە پێیانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ سیاسەتی کولتووریی نییە.

---

[1] ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی خوندکاری خوێندکار (کامەران حەمەکەریم سوبحان) بە ناونیشانی (ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستان) بڵاونەکراوە.

* خوێندکاری ماستەر بەشی تەکنیکی میدیا لە کولیژی تەکنیکی کارگێڕیی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Kamaran.subhan@gmail.com

** پرۆفیسۆر لە بەشی تەکنیکی میدیا لە کولیژی تەکنیکی کارگێڕیی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Yahya.fatah@spu.edu.iq

**ملخص**

**دور القنوات التلفزيونية في توجيه السياسة الثقافية في إقليم كردستان**

ان القنوات الفضائة هي احدى ادوات الإعلام القوية التى لا تزال لها دور و تأثير كبيرين في توجيه و و إرشاد و خلق الرأي العام و تنمية الوعي السياسي و الاجتماعي و الثقافي و التربوي للمجتمع. ان للإعلام بصورة عامة، و القنوات الفضائية الكردية على نحو خاص، دورا بارزا في توجيه و تفعيل السياسة الثقافية، من هذه الزاوية نرى ان مشكلة البحث تكمن في سؤال رئيسي، وهو: (هل للقنوات الفضائية الكردية دور في توجيه و صياغة السياسة الثقافية في إقليم كردستان؟). من هذا المنطلق و من هذا التساؤل، يحاول الباحث الكشف عن دور القنوات الفضائية الكردية في توجيه السياسة الثقافية في إقليم كردستان، و يسعى لتحليل العلاقة التي تربط "القنوات الفضائية" ب"السيا سة الثقافية" من إبعاد مختلفة. في الختام يصل الباحث الى عدة نتائج ، منها: يرى معظم الا ساتذة الذين اجري معهم اللقاء نموذجا للبحث، يرون ان بإمكان القنوات الفضائية ان تلعب دورا فاعلا في توجيه السيا سة الثقافية في إقليم كردستان، لكنها لم تلعب ذلك الدور لحد الآن. يرى معظمهم، كذلك، ان القنوات الفضائية تعمل وفق استراتيجية حزبية والالتزام الحزبي غافلا الجانب الوطني أو القومي، لذلك تلعب دورا صغيرا في تنمية السياسة الثقافية في إقليم كردستان. يرى معظمهم ان حكومة إقليم كرد ستان لا تهتم بالسياسة الثقافية إطلاقا. ويرى بعضهم تقصير و إغفال الجانب الثقافي بسبب عدم وجود الكوادر المختصة و خمول القنوات الفضائية الكردية في هذا الصدد، اذ لم يتم الاهتمام بهذا الجانب كما ينبغي.

**Abstract**

**The Role of Television Channels in Directing Cultural Policy in the Kurdistan Region**

Satellite television is a powerful medium that plays a significant role in shaping public opinion and fostering political, social, cultural, and educational awareness within society. In this context, the media—particularly Kurdish satellite channels—has considerable influence in guiding and shaping cultural policy. This study is grounded in the central research question: *Do Kurdish television channels play a role in directing and formulating cultural policy in the Kurdistan Region*? From this question, the research aims to explore the role of Kurdish satellite channels in influencing cultural policy and to analyze the nature of their relationship with cultural policymaking from multiple perspectives. The study led to several key findings: While many researchers acknowledge the potential of Kurdish satellite channels to influence cultural policy in the Kurdistan Region of Iraq, they note that this potential has not yet been fully realized. A majority of practitioners interviewed believe that Kurdish television channels primarily reflect the agendas of political groups rather than a cohesive national strategy. As a result, their contribution to cultural policy development remains limited. Most respondents perceive that the Kurdistan Regional Government (KRG) places little to no emphasis on cultural policy. There is a widespread belief among respondents that a lack of qualified personnel and institutional neglect by Kurdish television channels has led to the marginalization of cultural concerns, which have not received the attention they deserve.

## پێشەکی

سیاسەتی کولتووریی، چەمکێکی نوێی دنیای فەرهەنگیی و میدیاییە. وەک زاراوەیەکی نوێ هاتوەتە نێو دنیای میدیاو بواری سیاسیی و بەڕێوەبردنەوە. لە سەرەتای سەدەی بیست لە ئەوروپا و بەتایبەتی فەرەنسا سەریهەڵدا و هەشتاکانیشەوە لە دنیای عەرەبیی و وڵاتانی دەوروبەرمان بەکارهاتووە. نزیکەی بیست ساڵیشە لە هەرێمی کوردستان، زاراوەی سیاسەتی کولتووریی لە ناوەندی حکومی و میدیاییدا بەکاردێت و بەشێکە لە ستراتیژی کارکردنی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەم هۆیەوە خەریکە ئەم زاراوەیە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی و میدیایی کوردیدا دەبێتە بابەتی گفتوگۆو قسەلەسەرکردن.

سیاسەتی کولتووریی، پەیوەندییەکی بەهێزی بە میدیاوە هەیە، لەناو ئامڕازەکانی میدیاشدا، تا ئێستا کەناڵە ئاسمانییەکان، کاریگەرترین ئامڕازی میدیاین لە کوردستاندا بە تایبەت بۆ ئەو بابەتانەی کە بابەتی دەستەبژێرن و پەیوەستن بە بواری رۆشنبیریی و کولتووریەوە. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە، باس لەپەیوەندی نێوان کەناڵە ئاسمانییەکان و سیاسەتی کولتووریی لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی ئەو کەناڵانە، لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریدا دەکات. توێژینەوەکە، لە چوار بە تەوەر پێکهاتووە.

تەوەری یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکەیە، کە لە کێشە، گرنگی، ئامانج، سنور، ئامڕاز، کۆمەڵگە، مشتەی توێژینەوەکە پێکدێت.

تەوەری دووەم: باس لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و سیاسەتی کولتووریی دەکات و پەیوەندی ئەو دوو چەمکە بەیەکەوە دەخاتە ڕوو. دواتر تایبەتمەندیی و سەرهەڵدان و مێژووی کەناڵە ئاسمانییەکان، بە گشتیی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی باس دەکات.

تەوەرت سێیەم: توێژینەوەکە: باس لە هەرێمی کوردستان و سیاسەتی کولتووریی دەکات. پەیوەندی میدیای کوردیی و کەناڵە ئاسمانییەکانی بە سیاسەتی کولتووریی و شێوازو تایبەتمەندیی ئاڕاستەکردنی دەخاتەڕوو.

لە تەوەری چوارهەمدا پراکتیکنامە و لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، کە لایەنی دیموگرافی و مشتەی توێژینەوەکە و وەڵامەکانیان تایبەت بە پرسیارەکانی پەیوەست بە ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستاندا، لە کۆتاییدا، دەرئەنجامەکان و پێشنیارو ڕاسپاردەو سەرچاوەکان، خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم:

## ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**١-١ کێشەی توێژینەوەکە:**

میدیا بەگشتیی و کەناڵی ئاسمانی بەتایبەتی، ڕۆڵێکی کاریگەر لەزۆرێک بوارەکانی ژیان دەبینێت، بەتایبەتیش ئێستا لەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو فۆڕمی کارکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ناو شاشەی تیڤی و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، دەتوانێت ڕۆڵی گەورەتر ببینێت لە گەشەپێدان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریدا. لەم پەیوەندییەوە، توێژەران، بۆ گەیشتن بە کێشەی توێژینەوەکەیان پرسیارێکی سەرەکی دەوروژێنن، کە بریتیە لەوەی: (**ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕۆڵیان لە ئاڕاستەکردن و داڕشتنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستاندا هەیە؟)**، لەم پرسیارەوە چەند پرسیارێکی لاوەکی ئاڕاستە دەکەن، لەوانە:

١. ئایا تاچەند پڕۆگرامی کولتووریی کەناڵە ئاسمانیەکان، خزمەت بە سیاسەتی کولتوویی هەرێمی کوردستان دەکەن؟

٢. ئایا هیچ هەماهەنگییەک، لە نێوان حکومەت و دامەزراوە کولتوورییەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان هەیە بۆ داڕشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی؟

٣. سیاسەتی کولتووریی، تاچەند ڕەنگدانەوەی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هەیە، بەتایبەتی لەئاستی زمان، مێژوو، هونەر، ئەدەب، فۆلکلۆر و شوێنەوار... تاد.

**٢-١ گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بابەتێکی تازەیەو پێشتر لە نێوەندی ئەکادیمیی و میدیایی کوردیدا، زۆر بە کەمی کاری لەسەرکراوە. ئەمە جگە لەوەی پرسی سیاسەتی کولتووریی، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، بایەخێکی ئێجگار گرنگی هەیە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نین، دەتوانین بەهۆی ئەو میراتە کولتوورییەوە کە لە رابردودا ماوەتەوە، خۆمان لە لەناوچوون بپارێزین و وەک گەلێک زیندوو، لەناوچەکەدا بمێنینەوە.

**٣-١ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

هەموو توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی، چەند ئامانجێکی هەیە. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەش لە چەند خاڵێکی سەرەکییدا دەستنیشان کراوە:

١-ئاشکراکردنی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان، لە ئاڕاستەکردن و گەشەپێدانی سیاسەتی کولتووریی.

٢-خوێندنەوە و شیکارکردنی سیاسەتی کولتووریی لە هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی ستراتیژی حکومەت و کەناڵە ئاسمانییەکان.

٣-دۆزینەوەی بایەخی سیاسەتی کولتووریی، لەگەشەپێدانی پڕۆگرامی کولتووریی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

٤-دەستنیشانکردنی بۆشایی و خەوش و بایەخبەندیی پڕۆگرام و سیاسەتی کولتووریی، لەستراتیژیی کەناڵە ئاسمانییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**١-٤ ڕێبازنامەی توێژینەوەکە (میتۆدنامە):**

لەتوێژینەوەکەدا، میتۆدی وەسفی بەکارهاتوەو سوود لە ئامرازی (فۆرمی ڕاپرسی) وەردەگرێت. میتۆدی وەسفی، یەکێکە لەدیارترین میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی، بەتایبەتیش لەبواری میدیا و کۆمەڵناسیدا. ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردە و ڕوداوەکانی ئێستا دەکەنەوە، واتا هەر دیاردەیەک کە لەئێستای کۆمەڵگەدا هەیە. (د. سابیر بەکر ٢٠٢٠ ل٧٣)

**١-٥ سنوری توێژینەوەکە:**

**سنوری کات:** لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٥

**سنوری شوێن:** سنوری توێژینەوەکە هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

**سنوری مرۆیی:** بریتییە لەو لێتوێژەرانەی فۆرمەکانیان بەسەر دابەشکراوە.

**١-٦ ئامرازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، (**فۆرمی ڕاپرسی** ) وەک ئامرازی گرنگی توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستی توێژینەوەکە.

**١-٧ کۆمەڵگەو مشتەی توێژینەوەکە:**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە نووسەران و میدیاکاران و هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان.

**مشتەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە دەستەبژێرێک لە نووسەران و میدیاکاران و هونەرمەندان و بەرپرسانی کولتووریی لە هەرێمی کوردستان و (پەرلەمانتارانی لیژنەی ڕۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان و عێراق) کە ژمارەیان ١٥٦ کەسە.

١-٨ دیاریکردنی دەستەواژەکانی توێژینەوەکە:

**١-٨-١ ڕۆڵ:** بریتییە لەکردەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، تاک یان دامەزراوەیەک لەسەر پرۆسە و کاریگەریی دانان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو. لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە "**ڕۆڵ**" ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانە، لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستاندا.

**١-٨-٢ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:** مەبەستی توێژەران لەو کەناڵە ئاسمانیانەیە کە بارەگای سەرەکی پەخشیان لە هەرێمی کوردستانە. ئەم کەناڵانە، جۆراوجۆرن. زۆربەیان لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە پشتگیریی دەکرێن. ستراتیژ و سیاسەتی بەڕێوەبەردنیان جیاوازە. لەڕووی ستایل و فۆڕمەوە، لەکەناڵی: هەواڵی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و هەمەڕەنگ پێکهاتوون.

**١-٨-٣ ئاڕاستەکردن:** لەبنەڕەتدا چەمکێکی کارگێڕیی و ئابوورییە، دواتر هاتوەتە ناو فەرهەنگی سیاسیی و میدیایی. ئاڕاستەکردن، یەکێکە لە پێنج پایە گرنگەکەی بەڕێوەبردنی کارگێڕیی کە لە: (پلاندانان، ڕێکخستن، بە ئەرککردن، ئاڕاستەکردن و چاودێریکردن)پێکهاتووە. (عەبدولڕەحمان زەبیحی، ل٦٨، ١٩٨٨)

مەبەستی توێژەران، لە بەکارهێنانی زاراوەکە، وەک چەمکێکی فیزیکی لە نێوان پەیامی (**کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و سیاسەتی کولتووریی**) بەکارهاتووە. کە دەرەنجام هاڕمۆنیەتی نێوان پەیامی میدیایی و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی کولتووریی ڕاڤە و ئاشکرا دەکات. ئاڕاستەکردن،

چەمکێکە بەکاردێت بۆ شتێک بەرامبەر شتێکی تر، کە کاریگەریی لەسەر درووستبکات، لە فەرهەنگ و زمانی کوردییدا، ئاڕاستەکردن، بەرامبەرکردنی شتێکە، بۆ شتێکی تر، بۆ تێگرتنی و کاریگەریی درووستکردن! (محەمەد خاڵ، ٢٠٠٥ ل١٣٥)

**١-٨-٤ سیاسەتی کولتووریی:** سیاسەتی کولتووری، چەمکێکی نوێیە لە فەرهەنگی سیاسیی و فەرهەنگیدا، لەبنەڕەتدا، ئەم زاراوەیە سەرچاوەی لە هەردوو بواری سیاسەت و کۆمەڵناسیدا هاتووە و پاشتر گوازراوەتەوە بۆ نێو دونیای میدیا و کولتوور. سیاسەتی کولتووریی هێمایە بۆ ئەو پلان و ستراتیژییەی کە حکومەت پەیڕەویدەکات بۆ ئاڕاستەکردن و کاریگەریدانان لەسەر جەماوەر. (اشتريان، ١٣٩١، ل ٢٥-٣١).

سیاسەتی کولتووریی، بەوە دەناسرێن کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێنە و بنەمای کرداری دەوڵەت لە بواری کولتووردا پێکدەهێنن و ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەکرێن. (د.هەردی مەهدی ل١٨٧، ٢٠٢٣)

## تەوەری دووەم:

## کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆڵیان لە سیاسەتی کەلتووریدا

### ٢-١ ڕۆڵ و کاریگەریی کەناڵە ئاسمانییەکان:

کەناڵە ئاسمانییەکان، یەکێکن لە کاریگەرترین ئامرازە میدیاییەکان، هەرچەندە پاش هاتنی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، هەندێجار باس لە ئاوابونی خۆری **(تەلەفزیۆن)** دەکرێت! بەڵام بەپێچەوانەوە، بەهۆی خۆگونجاندن و نوێبوونەوە لە ستایل و فۆڕمیدا، تا هەنووکە یەکێکە لەبەهێزترین ئامڕازە میدیاییەکانە. لەبەر ئەم کاریگەرییەی تەلەفزیۆن، دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی، ئەویش بە بایەخدان بە بەرهەمی کولتووریی لە (زمان، فۆلکلۆر، هونەر، فیلم، پەندی پێشینان و ... هتد.) ڕەنگدانەوەی سیاسەتی کولتووریش، لە میدیادا، پێش هەموو ئامڕازەکانی تر، لە بەرهەمی تەلەفزیۆنەکان ڕەنگدانەوەکانی دەبینرێت.

سەرهەڵدان و گەشەکردنی میدیا، نەک بە تەنها کولتوور، بەڵکو کاریگەریی لەسەر زۆرێک لە بوارەکانی تری وەک: زانست، پەروەردە، تەکنەلۆژیا و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی درووستکرد، بەتایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان زۆرترین و بەرفروانترین کاریگەرییان لەگەشەپێدانی کایەی کولتوورییدا هەیە. (جفال ٢٠١٣ ص ٣٥٥)

میدیا، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ گواستنەوەی کولتووری جیاواز. بەتایبەتیش میدیای بینراو "کەناڵی ئاسمانی". لەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و مانگی دەستکرد، جیهان بووەتە گوندێکی بچووک و لەیەک ساتدا، پەیام لەم سەری دنیاوە دەنێرێت بۆ ئەو سەری دونیا، هەر ڕوداوێک لە هەر شوێنێکی دونیا ڕوبدات، بە ماوەیەکی کەم بەهۆی میدیاوە، دەگاتە سەرتاسەری جیهان!

بۆ تیشکخستنەسەر گرنگی شوناسی کولتووریی و دیاریکردنی ڕادەی پەیوەندیی لەگەڵ میدیا، بە ڕێگە و جۆری جیاوازو بەتایبەتی تەلەفزیۆن و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، گرنگە پەیوەندی نێوان میدیا و کایەی کولتووریی بە ئاستە جۆراوجۆرەکانیەوە، دەستنیشان بکرێت .(السيد ٢٠٢٤ ص٣٩)

کولتوور، لەهەموو قۆناغە جیاوازەکانی سەرهەڵدان و گەشەپێدانیدا لە ڕێگەی یادەوەریی و گێڕانەوەی زارەکی گوازراوەتەوە. لەناو کولتووریشدا ئامرازە نەریتییەکانی وەک: (هەڵکۆڵین، ڕازاندنەوە، بەیت، نووسین، گێڕانەوە و مۆسیقا..... هتد) هەیە. بۆ سەرجەم ئەم لایەنانەش، لەئێستادا میدیای بینراو ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی سەرجەم بوارە جیاوازەکانی کولتوور. بەجۆرێک بەشێک لەو بوارانە بوونەتە لایەنێکی کاریگەریی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆن، بەتایبەتیش **(مۆسیقا، نووسین و گێڕانەوە)** کە سێ ڕەگەزی کاریگەریی ژانری بەرهەمهێنانی بەرنامەی مێژوویی و دیکۆمێنتاریی تەلەفزیۆنن. (بوغوتة، عباسی ٢٠٢٠ ص ٧٨)

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی **یونسکۆ** میدیا بە گشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتیی، ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لەژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان و پارێزگاریکردن لە کولتووری ناوخۆیی. گۆڕانکاریی و گەشەپێدانی ناسنامەی کولتووریی، وڵاتان و نەتەوەش لەداگیرکاریی کولتووریی دەپارێزێت.

کەناڵە ئاسمانییەکان، بەهۆی گەیشتنی بە بینەرێکی فراوان، دەتوانن پردێکبن لە نێوان کولتوور و وەرگردا. جفال (٢٠١٣ ص ٣٣٧)

گرنگترین ئەو بوارانەش، کەناڵە ئاسمانییەکان دەتوانن ڕۆڵ و کاریگەریی لەسەر بینەران درووستبکەن، ئەم بوارانەن:

**٢-١-١ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کولتووریی و پەروەردەیی تاک. ئەویش لەڕێگەی:**

- پڕۆگرام و بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەتوانرێت زانیاری لەسەر میراتی مەعنەویی و نامەعنەوی (وەک کەلوپەلی دێرین، مۆسیقا و ئەدەب، هونەری دەستی و کولتووری خواردن...) بڵاوبکاتەوە.
- گرنگیدان بە پرسە کولتوورییە ناوخۆییەکانی وەک پاراستنی بەرهەمە هونەرییە کولتووریی و دێرینەکان، بە پاڵپشتیکردنی هونەرمەندان و هاندانیان بۆ پڕۆژە و کاری تایبەتمەند لەو بوارەدا.

**٢-١-٢ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی نیشتمانییانەی تاک و دەستەبژێر، لەڕێگەی:**

- کەناڵە ئاسمانییەکان دەتوانن بە بایەخدان بە هێما کولتووری و نەتەوەییەکانی، (ئەوانەی لەڕابردودا ژیاون، یان ئەوانەی لە ئێستادا وەک سیمبولییان لێهاتووە).
- بایەخدان و گرنگیدان زمانی دایک لە میدیاکاندا هۆکارێکی سەەوکییە بۆ پاراستنی شوناسی زمان و کولتووریی نەتەوەیی.

٢-١-٣ **پشتیوانیکردنی داهێنانی هونەری و کولتووریی لای هونەرمەندان و دەستەبژێر، لەڕێگەی:**

- میدیا و پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان بکرێتە بانێژەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندان و داهێنەرانی بوارە جیاوازەکانی کولتوور.
- بایەخدانی کەناڵە ئاسمانییەکان، بەتایبەتییش بە بەرهەمە داهێنراوەکانی (وەک: شانۆ، فیلم، کتێب، کارە کولتورییەکانی تر) کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی نمایشکراون. (د. سمیە فازل، ٢٠٢٤ل٩٩)

**٢-١-٤ بەرەوپێشبردنی بازاڕگەریی و پیشەسازیی کولتوورییەکان، لە دوو ڕێگەی سەرەکییەوە،**

**ئەوانیش:**

- پاڵپشتی بۆ بەرهەمە کولتوورییە ناوخۆییەکان و بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندان، لەڕێگەی هەڵمەتی ڕیکلام و بانگەشەکردن بۆ بەرهەمەکانیان لەکەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.
- میدیا و سۆشیال میدیا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی بازاڕگەریی و پیشەسازییە کولتووریی و گەشتیاری کولتووریی، کاری دەستی و ... هتد.

**٢-١- ٥ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییە کولتوورییەکان، لەسەر کۆمەڵگە، بەچەند ڕێگایەک، لەوانە:**

- میدیا دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریی (داگیرکاریی کولتووریی)، کە زۆرجار هۆکاری سەرەکی کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوەییە، لای تاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتیش دەستەبژێر و چینی تازەپێگەیشتوان. (ڕاسو، ٢٠٢٣ ص٢٩)
- لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەتوانرێت پەیامی هۆشیاریی سەبارەت بە بایەخی بەرەنگاربوونەوەی هاوردەکردنی کوێرانەی کولتوورە بیانییەکان بڵاوبکرێتەوە.

**٢-١-٦ بەرەوپێشبردنی گفتوگۆی کولتووریی لە کۆمەڵگە و چینەجیاوازەکان، لەڕێگەی:**

- پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە ببینن لە گفتوگۆی نێوان کولتوورە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگەدا، بەتایبەتیش جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیی.
- نمایشکردن و پەخشکردنی ئەزموونە کولتوورییە جیهانییەکان لەبواری جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی، هاندەرێکی بەهێزە بۆ فێربوون و سود وەرگرتنی تاک و کولتوورە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

**٢-١-٧ پشتیوانی لە سیاسەتە کولتوورییەکانی حکومەت.**

- لەهەندێ وڵاتاندا، میدیا بەهاوبەشێکی ستراتیژی حکومەتەکان دادەنرێت لە بڵاوکردنەوەی سیاسەتە کولتوورییەکان و ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانیان (**لە هەندێ وڵاتی تریش دوو ئاڕاستەی جیاوزن**). ئەو پشتیوانیە، لە چەند ئاستێکدا دەردەکەوێت، گرنگترینیان ئەم دوو ئاستەیە:
- ڕووماڵکردنی بۆنە کولتوورییە گەورەو کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە وەک: (فێستیڤاڵی ڕۆژی نەتەوەیی، یادەکانی ساڵی نوێ، ڤێستیڤاڵی ڕۆژی ئازادی وڵات و ... هتد) کە لەلایەن حکومەت، یان دامەزراوە کولتوورییەکانەوە ڕێکدەخرێن.
- پاڵپشتی هەندێ کەناڵی ئاسمانی، بۆ ئاڕاستەکردن و پشتیوانی ئەو پلانە کولتوورییەی حکومەت نەخشەی بۆ داڕشتووە. (جفال، ٢٠١٣ ص٣٣٧-٣٣٩)

**٢-٢ کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان**

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، تا ئەمڕۆ کاریگەرییان لەسەر ئاڕاستەکردنی سیاسەت بە گشتی و سیاسەتی کولتووریی هەیە. بەو پێیەی تا ئێستا کەناڵی ئاسمانی فروانترین و گەورەترین ئۆرگان و دەزگای میدیایین، بۆیە دەتوانێت کاریگەریی و ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لە ئاڕاستەکردن و گەشەپێدانی لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیی.

لەدوای دامەزراندنی ئەم کەناڵە ئاسمانیانە لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک دەستکەوتی

نەتەوەیی و کولتووریی گرنگیان بۆ کورد هەبووە، دیارترینیان بەربەستی سنورو جواگرافیای نەتەوەییان بەزاندووەو بونەتە پەیوەندییەکی جیهانی، کوردیی بەیەکەوە بەستوەتەوەو کولتووریی کوردیی لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم، کردوەتە یەکەیەکی پێکەوە گرێدراو بەتایبەتیش دوای گەشەسەندنی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، بینەرانی کورد بەدەر لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، دەتوانن لەڕێگەی نێت و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە بینەری زۆرێک لە پرۆگرام و بابەتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بن. (قەرەنی قادری، ٢٠٠٩ ل ٥٣)

پەخشی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، مێژوویەکی تازەی هەیە. سەرەتاکەی بۆ پەخشی کەناڵی کوردستان تیڤی (K.TV) دەگەڕێتەوە لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی ١٩٩٩ دا. خاوەندارێتی ئەم کەناڵە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە. پاش ئەم کەناڵە، لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٠ کەناڵی کوردسات دەستی بە پەخشکرد، خاوەندارێتی ئەم کەناڵەش لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەیە. ژمارەی ئەم کەناڵە ئاسمانییانە ڕوو لە زیادبوونە، تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە نزیکەی (٤٠ کەناڵی ئاسمانی) لە هەرێمی کوردستان، بە زمانی کوردیی پەخشدەکەن. زیادبوونی ئەم ژمارە زۆرەی کەناڵی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان، بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسەر بینەران و بایەخی لەلایەن حیزب و کۆمپانیا تایبەتمەندەکانەوە. (ئازاد عەزیز، ٢٠٢٢ ل١٩٦)

لەڕووی خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن کەناڵە ئاسمانییەکان دابەشبوون بەسەر چەند جۆرو شێوازێکدا، گرنگترینیان: (حکومی، حیزبی، بازرگانی....هتد.) بەڵام لە هەرێمی کوردستان، لەڕووی خاوەندارێتی و فۆڕم و ستایلی ئەم کەناڵانە، دوو جۆرن:

- کەناڵی ئاسمانی حیزبی (دەسەڵات/ئۆپۆزسیۆن)
- کەناڵی نیمچە حیزبی (محەمەد ساڵح، ٢٠١٠ ل ١٥)

لەڕووی ناوەڕۆک و ستایلی کارکردنیش، کەناڵە ئاسمانییەکان چەند جۆرێکن، دیارترینیان: کەناڵی سیاسیی، کەناڵی کۆمەڵایەتیی، کەناڵی کولتووریی، کەناڵی ئاینیی، کەناڵی منداڵان.

بێگومان بەدەر لەم پۆلێنکردنە پۆلێنکردنێکی تریش هەیە و پێیوایە بە تەنها کەناڵ و میدیا لە کوردستان دابەشنەکراون بەسەر دوو جۆردا، بەڵکو پۆلینکاری تر هەیە، لەوانە پێیانوایە سێ جۆر کەناڵی میدیایی سەرەکی هەیە، یەکەمیان کەناڵی حیزبی، دووەمیان کەناڵی حکومی سێیەمیان ئەهلی. بەپێی ئەزموون دەرکەوتووە، جۆری دوەم لە میدیایی حکومی لەلایەن حیزبە باڵادەستەکانەوە، کۆنترۆڵکراوە یان لەلایەن کەاسانی دەسترۆشتووی ناو حیزبە باڵادەستەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی زۆرێک لە گوتاری میدیاکان وروژێنەر و ئاراستەکراوە بۆ نەیارە سیاسییەکان. (عابد خالد، ٢٠١٦، ل١١٩-١٢٠).

### ٢-٣ سیاسەتی کولتووریی:

سیاسەتی کولتووریی، بەشێکە لە زانستی سیاسیی، چەمکەکە زیاتر بۆ بەڕێوەبەردن و داڕشتنی بواری کولتوور بەکاردێت. لە بنەڕەتدا وشەیەکی لێکدراوە لە (سیاسەت، کولتوور) بەدەر لە

وشەکەش، لەزانستی سیاسییدا بەکاردەهێنرێت، هاوشانی فۆرمێکی تر کە ناو دەبرێت بە سیاسەتی ڕەمزی (**Symbolic Politics**) ئەم چەمکەش، بایەخ و رۆڵی گرنگی هەیە لە پەیوەندی کولتوور و سیاسەت، سیاسەتی رەمزی ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی: هێما، نیشانە، و ڕەمز لە گەیاندنی پەیامی سیاسی و کاریگەریی درووستکردن لەسەر ڕای گشتی. زۆرجاریش(الأداء الرمزي) داڕێژەری بیرۆکەی گرنگیدانە بە سیاسەتی رەمزی و سیاسەتی کولتووریی. (آلموند جي، ١٩٩٨و ص ١٩٩)

لە فەرهەنگی سیاسیدا، سیاسەتی کولتووریی بۆ ڕێکخستنی کاروباری کولتوورە لە رەهەند و هەژمونیی سیاسیدا کە لە خزمەتی دەسەڵاتی سیاسیی power politics دایە.

سیاسەت و سیاسەتی کولتووریی، نەتەوە و دەسەڵاتی حوکمڕان و ژیانی نەتەوە لە کۆڕبەندێکی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە، ئەمە هێز بە دەوڵەتی نەتەوەیی دەبەخشێ تاکوو شوناسی نەتەوەیەك بێنێتە نێو پرۆسەیەکی مێژووییەوە، واتە نەتەوەیەك لە دایك دەبێت کە پێگەی سیاسیی خۆی لە مێژوودا بەگوێرەی شوناسی سیاسی و کولتووریی دەدۆزێتەوە. (مەسعود بابائی، ٢٠٢٢)

بەدەر لە سیاسەتی کولتووریی، کولتوور وەک چەمک چەندین پێناسە و بۆچوون هەیە لەبارەی چەمکی کولتوور، بە پێی تایبەتمەندیی کۆمەڵگە و تێڕوانین و تێگەیشتن لە کولتوور جیاوازە...

کولتوور، بریتییە لە پێکهاتەیەکی هەمەجۆرو تێکەڵاو لەچەندین ڕەگەزو ماتریاڵی جیاواز، کە هەموویان پێکەوە شوناسی کولتوور دەردەخەن، لەوانە زمان، فۆڕم و شێوازی ژیانی خەڵک، ئاخافتن و جۆری بیرکردنەوە، نەرێت و پۆشاک و دابونەرێت ئەمانە و چەندین ڕەگەزی تر، کە دەبنە ناسنامەی کولتووریی ئەو میللەت و نەتەوەیە. (د.هەردی مەهدی ٢٠٢٣، ل٢٢)

کولتوور، بە پێناسە باوەکەی جاران، تەنها بریتی نییە لە مۆزیک و ، فیلمسازیی و جۆری سەما و پۆشاک و جۆری خواردن و بیناسازیی نەتەوەو وڵاتێک، بەڵکو لە ئێستادا کولتوور بەدەر لەو چەمکانە تایبەتمەندیی مێژوویی و تێگەیشتن و مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەری و بەتایبەتیش مامەڵەکردنی لەگەڵ زمانی ئاخافتن، یاسا و ڕێنمایی، ئایین، نەرێت و خولیا، هونەر، تەلارسازیی و ...تاد دەگرێتەوە. (اشتريان 1391ص ٢٣)

ئیدوارد تایلۆر (١٨٣٢-١٩١٧)زانای بەناوبانگی بەریتانی یەکەم کەس بوو، پێناسەی کولتووری کرد و بەستییەوە بە شارستانییەتی مرۆییەوە. تایلۆر، پێیوایە کولتوور، بریتییە لە هەموو زانین و تێگەیشتن و باوەڕە جیاوازەکانی مرۆڤ، لەگەڵ هونەرو یاسا و نەرێتە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگە، هەموویان پێکەوە دەبنە شوناسی تایبەتمەندی کولتووری نەتەوەو وڵاتێکی تایبەتمەند. ئەمەش خاڵی هاوبەش و جیاکردنەوەی میللەتانە لەیەکتری.

تایلۆر، دەڵێت: کولتوور سیستەمێکی ئاڵۆزە کە: باوەڕ، هۆشیاریی، ئاکار، هونەر، یاسا، نەرێت و زۆر بواری تر دەگرێتەوە و بەرهەمی بیرکردنەوەو زیرەکی مرۆڤە. بنەمای ڕەفتارو پەیوەندی هاوبەش و تێگەیشتنی مرۆڤ کولتووریی مرۆڤ و کۆمەڵگە دیاریدەکات و جیایدەکاتەوە لە مرۆڤ و کۆمەڵگەیەکی تر.(تایلۆر ٢٠١٩ص٣٨-٣٩)

جیرارد هێندریک هۆفستێد(١٩٢٨-١٩٢٠) سۆسیۆلۆژ و سایکۆلۆژیستی هۆڵەندایی، دیدێکی جیاوازی هەیە بۆ کولتوور هەیە، پێیوایە کولتوور، تەنها بەرهەمی هونەریی و ئەدەبی و پاشماوەی

جێماوی مرۆڤ نیە، بەڵکو لەو دیدە قوڵترە. کولتوور، شوناس و تایبەتمەندییەکی مرۆڤە کە بیروباوەڕو تێروانین و بیرکردنەوەی گروپێکی دیاریکراو، لە لەوانی تر جیادەکاتەوە.

### ٤-2 سەرهەڵدانی سیاسەتی کولتووریی:

سەرهەڵدانی سیاسەتی کولتووریی وەک چەمکێکی سەربەخۆ، لە فەرهەنگی سیاسی و حوکمڕانییەوە سەرچاوەی گرتووە. سەرەتای گەشەکردن و گرنگیپێدان بە سیاسەتی کولتووریی لە وڵاتانی ئەورپاوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست سەریهەڵداوە، حکومەتەکان، دەستیان بە پلان و ستراتیژیی کولتورویی کردوە، شانبەشانی سیاسەتی ئابووری و کارگێریی. سیاسەتی کولتووریی، سەرەتا بۆ پاراستنی زمانی دایک و پاراستنی پاشماوە فۆلکلۆریی و نەرێتییەکان بووە، دواتر گەشەی پێدراوە بۆ بوارەکانی تری وەک ئەدەب و هونەر.

فەرەنسا، بە دایکی سەرهەڵدان و گەشەپێدانی سیاسەتی کولتووریی، لە ئەوروپا دادەنرێت. لەنێوان سالانی ١٨٨٠ بۆ ١٩٠٠ لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا بە فەرمی سیاسەتی کولتووری لەناوخۆی وڵات، دواتر بۆ دەرەوەی خۆی دەستپێکرد.

لە ولاتانی ناوچەکەش، ئێران بە یەکێک لەو وڵاتانە ئەژمار دەکرێت لە دوای وڵاتانی ئەوروپا، هەوڵی داڕشتنی سیاسەتی کولتورویی داوە، بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩١٠ بۆ ١٩١٥ کاری بۆ پاراستنی زمان و شوناسی نەتەوەیی داوە. (الحاج علی ٢٠١٥ ص ٢٣)

پاشتر تورکیا لە ١٩٢٣ ەوە بە فەرمی دەستی بە داڕشتنی سیاسەتی کولتووریی کردووە. لەعێراق و سوریاش، لە کۆتایی ساڵانی شەستەوە دەست بەداڕشتنی سیاسەتی کولتووریی کراوەو فۆکسی سەرەکیی ئەم دو وڵاتە لەسەر بە عەرەبکردنی نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتەکەیان بوون. (یازجی، ٢٠١٠، ص١٥٤)

لە هەرێمی کوردستانیش لەسەرەتای ڕاپەڕین و درووستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیریی، بە پەراوێزێک گرنگی بە سیاسەتی کولتووریی دراوە، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵی دووهەزارەوە، کار بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی کولتووریی کراوە، بەڵام ئەو سیاسەتە نەتوانراوە لەسەر زەمینی واقیع بەرەو پێش ببرێت، بە هۆکاری سیاسی و ئابوریی و چەند هۆکاریکی تر لەمپەربوون لەبەردەم هەبوونی سیاسەتی کولتووریی هەرێمدا!(تارق جەوهەر، ٢٠٢٥).

### ٢-٥ تایبەتمەندیی سیاسەتی کولتووریی:

سیاسەتی کولتووریی، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی. پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و سیاسیی. بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتەش، لەهەمبەر کولتوور پەیڕەو دەکرێت. زۆرجار ژینگە و شێوازی بەڕیوەبردن و تایبەتمەندیی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتە، فۆڕمی سیاسەتی کولتووریی دەستنیشاندەکات و ئاستی کاریگەریی دەردەخات. بێگومان هەمیشە لە وڵاتە کراوەو دیموکراسییەکاندا بایەخی سیاسەتی کولتووریی زیاترە و بووەتە بە بەشێکیش لە نەرێتی بەڕێوەبردنی جومگە جیاوازەکانی وڵات.

هەندێك جار گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆییەکان، کاریگەریی زۆریان لەسەر سیاسەتی کولتووریی هەیە، دیارترین ئەو گۆڕانکارییانەش لە بیست ساڵی رابردوودا گۆڕانکاریی بەسەر فۆڕمی کولتوور و سیاسەتی کولتووریی لەوڵاتانی ئەم ناوچەیەدا هێنا، شۆڕشی بەهاری عەرەبی کە لەکۆتاییەکانی ٢٠١٠ بەشەپۆلێکی خۆپیشاندان و نارەزایی لە تونس دەستیپێکردو زۆرێک لە وڵاتانی تری عەرەبی گرتەوە. دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان، بەهۆکاری گەندەڵی و خراپی باری ئابووری و ئازادی ڕادەربڕین، گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەحوکمڕانی چەندین وڵاتی عەرەبی ڕوبدات و کاریگەریی قوڵی لەسەر لایەنی کولتووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئازادیی میدیایی درووستبکات. (فازولا ٢٠٢١، ص٢٦)

سیاسەتی کولتووریی، وەک زاراوەیەکی نوێ لە هەناوی کولتوورەوە لەدایکبووە، مەبەست لێی، ئەو ستراتیژ و پلان و بەرنامەرێژییە کە بۆ کولتوور دادەنرێت بە ئامانجی کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکانی بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەگاتە وەرگر، بەهێزترین چەکی پیادەکردن و گەیاندنی سیاسەتێکی کولتووریی دیاریکراو لەڕێگەی میدیا بە گشتی و کەناڵی تەلەفزیۆن بەتایبەتیی، دەگاتە زۆرترین وەرگر.

بەگشتی، پەیوەندی ئۆرگانیکی نێوان سیاسەت و پرۆژەی کولتووری هێندەی پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان سیستەمی یاسادان و سیستەمی جێبەجێکردن لە وڵاتدا گرنگە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین توێژ و لایەن و ئۆرگانی جیاواز ڕۆڵیان لە درووستکردنی پەیوەندی نێوان سیاسەت و کولتوور و داڕشتنی سیاسەتی کولتووریدا هەیە. جگە لە: (میدیا، دامەزراوە گشتی و فەرمییەکان، ڕێکخراوە سیاسیەکان، سەندیکاکان، کەرتی تایبەت، هونەرمەندان و نووسەران...هتد) ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی بازنەکانی سیاسەتی کولتووریی. (هاشمی، ٢٠٠٥ ص ٣٧)

سیاسەتی کولتووری ڕاستەقینە، بە بێ بەشداری ئەو ئۆرگانانە لەسەر بنەمایەکی پتەو دانامەزرێت، جگە لەو بنەمایانە پێویستی بە بنەمایەکی هۆشیاریی و تایبەتمەندیی شارستانیی و نەتەوەیی هەیە لە چوارچێوەی پلۆرالیزمێکی کراوە، هەوڵبدات ستراتیژی توخمەکانی ناسنامەی نیشتمانی بپارێزێت. جێبەجێکردنی سیاسەتی کولتووریی لەسەر گرنگترین پایەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکانیشە، لەوێوە گەنجان فێری ئەوە بکرێت کە چۆن (کولتوور و گەشەپێدان) ئەزموونێکی مرۆییە بەڕەهەندی هەمەجۆر بتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە ئاراستەکردن و پێشخستنی کۆمەڵگەدا. (لمحرحر، ٢٠٢٣، ص٦٩-٧١ ).

### ٢-٦ کەناڵی تەلەفزیۆن و سیاسەتی کولتووریی:

کەناڵی تەلەفزیۆنی و سیاسەتی کولتووریی پەیوەندی ئۆرگانیان هەیە. تەلەفزیۆن ڕۆڵی گەشەپێدان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی هەیە بەو ئاڕاستەی پلانی بۆدادەنرێت.

هەردوو زانا و سۆسیۆلۆگی قوتابخانەی فرانکفۆرت (تیۆدۆر ئادۆرنۆو ماکس هۆرکایمەر) بە قوڵی لەبارەی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و گەشەکردنی سیاسەتی کولتووریی قسەیانکرد. دیدێکی تەواو جیاوازیان لەبارەی تەلەفزیۆن و هەیمەنەی ئەو ئامرازە میدیاییە خستە ڕوو.

لەبارەی ئەو گەشەکردن و هەمیمەنە فراوانەی میدیا و تەلەفزیۆن، دەستەواژەی "**پیشەسازیی کولتووری**"یان بەکارهێنا. بەو مانایەی سیاسەتی کولتووریی بنەمایەکی بەرهەمهێنانی پیشەگەرانەی هەیە و دیدێکی رەخنەگرانەیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی کولتووریی، هەیە. ئەم دوو زانا و فەیلەسوفە، لە کتێبی دیالێکتیکی رۆشنگەریدا (**Dialectic of Enlightenment**) تێڕوانینیان وایە رۆشنگەری بزووتنەوەیەکی کولتووریە، بۆ ئازادکردنی ژیری مرۆڤ لە بیرکردنەوەی ئەفسانەیی. ئەم بیرکردنەوەو بۆچوونە لەوە سەرچاوەی گرت کەچۆن تەلەفیزیۆن وەک ئەهریمەنێک، هەژموونی خۆی سەپاندووە و واقیعێک درووستدەکات زۆر جیاواز لەو واقیعەی ژیانی رۆژانە، ئەمەش جۆرێکە لەفریودانی تەلەفزیۆن بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤدا هێنای!

تیۆدۆر ئادۆرنۆ، زانا و سۆسیۆلۆگی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لە بەکارهێنانی چەمکی "پیشەسازی کولتووری"یدا، رەخنە لە میدیای جەماوەری و کولتووری جەماوەری دەگرێت. ئەو پێیوایە: ئەم فۆرمە لە میدیا بە گشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتی، ڕۆڵی پەیامبەرێکی درۆزن دەبینێت لە فریودانی وەرگردا! (الصدیق٢٠٢٤ ص٣١٧)

کەناڵی تەلەفزیۆن، بە فۆرمێکی سەرنجراکێش و ناوەرۆکێکی خاڵی لە بیرکردنەوەی رەخنەیی هۆش و سەرنجی وەرگر و بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشرێت. پەیامەکانی تەلەفزیۆن، دەبنە ئەو پلان و کەڤاڵە نەخشێنراوە بێهۆشکەرەی، کە لەرێگەی ناوەرۆکێکی دیزاینکراوەوە دەخرێتە هۆش و بیرکردنەوەمان! ئەمەش بەرهەمی ئەو سیستەمە سەرمایەدارییەیە کە لەدنیادا زلهێزەکان ڕێبەرایەتی دەکەت. چونکە هەمیشە سیستەمی سەرمایەداریی ئەوەمان پێنافرۆشێت کە دەمانەوێت، ئەوەمان پێدەفرۆشێت کە خۆی دەیەوێت! (ئاراس سەعید، ٢٠٢٥)

ئەو تێرمە نوێیەی سیستەمی سەرمایەداریی، دەیەوێت کولتووریش وەک کاڵایەک لە کاڵاکانی بەرهەمهێنان مامەڵەی لەگەڵدا بکات. تێڕوانین بۆ میدیا وەک چەکیک بۆ داگیرکاریی هۆش و هزریی خەڵک لای ئەو دوو زانا کۆمەڵناسە، کەوتە بەر ڕەخنە، بەتایبەتیش ڕەخنەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە هونەریی و کولتوورییەکان لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکا. چونکە پێیانوابوو بەکارهێنانی پیشەسازیی کولتووریی لەلایەن ئەو دوو زانایەوە، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنێکی جیاوازو گۆڕینی بەهای کولتووریی. (عبدالسلام، خلدون ٢٠٢٣ ص ١٨٧).

### ٢-٧ ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی

کەناڵە ئاسمانییەکان، رۆڵێکی کاریگەریی لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریدا هەیە، بەتایبەتیش ئەو میدیاو کەناڵە دەوڵەتییانەی کە حکومەت ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ خاوەندارێتی دەکات و پلان و ستراتیژی بۆ دادەنێت و دەتوانن بە ئاسانی ئاڕاستەی سیاسەتی کولتووریی بکەن.

لەبارەی ئەو ئاراستەکردنەش، ناکۆکی بەردەوامی لەسەر ڕۆڵی میدیای دەوڵەتیی و ئەکتەرەکانی لە کاروباری کولتووری و داڕشتنی سیاسەتی کولتووریدا هەیە. چونکە سیاسەتی کەلتووریی، یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی چوارچێوەی کولتووری گشتی کۆمەڵگەو پاراستن و یەکگرتن و درووستبوونی ناسنامەی تایبەتی نیشتمانیی و نەتەوەیی.

لەدەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، ڕۆڵی دەوڵەت دراوە بە میدیا، کە ئاڕاستەی سیاسەتی کولتووریی بکات، بەتایبەتیش لە هۆشیارکردنەوەو گەشەپێدانی بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام لەوڵاتە پاشکەوتوەکاندا، دەوڵەت، ئەو ڕۆڵە دەبینێت و نەخشە سیاسەتی کولتووری دادەڕێژێت و جێبەجێیدەکات و دەستێوەردان لە کاروباری کەلتووریی دەکات. (ابو غازی ٢٠٢٣ص ٢٣)

تێڕوانینی جۆراوجۆر سەبارەت بە ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتوورییدا هەیە:

**یەکەم:** یەکێک لەبۆچوونەکان، پێیوایە کە سیاسەتی کولتووریی، کۆمەڵێک یاساو ڕێوشوێنی فەرمییە و دەوڵەت لە بواری کولتووردا پەیڕەوی دەکات. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە، پێیانوایە دەوڵەت پاساوێکی هەیە بۆ دەستێوەردانی کولتووری، وەک بەدەستهێنانی ئامانجی ئایدۆلۆژیی و سیاسیی و بەدەستهێنانی شەرعییەت و پشتیوانی لەبنەماکانی دەوڵەت و حوکمڕانیی.

ئەم بۆچوونە، پێیوایە، بەبێ دەوڵەت کەناڵە ئاسمانییەکان، ناتوانن سیاسەتی کولتووریی ئاڕاستەبکەن و پرۆسەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کولتوور بگوازێتەوە بۆ زۆرترین خەڵک. سەرەڕای ئەوەش، کەرتی کولتووری خۆی، خزمەتگوزارییەکە، پێویستی بە دەستێوەردانی دەوڵەتە.

**دووەم:** بۆچوونی دووەم تەواو پێچەوانەیە. پێیوایە دەوڵەت نابێت میدیاو کەناڵە ئاسمانییەکان و میدیا وەک چەکێک لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی حکومی بەکاربێنێت. دەبێت دەستی دەوڵەت لەئاڕاستەکردنی کولتوور دوور بخاتەوە، دەوڵەت دەبێت تەنها ڕۆڵی خۆی بۆ دابینکردنی ژێرخان و ئامرازی تەکنیکی بۆ کولتوور بخاتەگەڕ، لەوانە: کتێبخانە، هۆڵی سینەماو شانۆو فۆلکلۆرو ... هتد. پێویستە حکومەت دەستی لەناو کاری کولتووریی و میدیایی هەڵگرێت. ( الحاج علي ٢٠١٠ ص ٣٨).

لە هەرێمی کوردستاندا، هیچ جۆرە مۆدێلێک لەو دوو مۆدێلە پەیڕەو ناکرێت، بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن میدیاو کەناڵێکی ئاسمانی سەربەخۆ نییە، کە سیاسەتی کولتووریی خۆی لەڕێگەی کەناڵی ئاسمانییەکانەوە ئاڕاستەی وەرگرانی بکات.

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هەرێم، حیزبە سیاسییەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پشتیوانیان دەکەن و خزمەت بەو سیاسەتە دەکەن ئەوان دەیانەوێت. لەبری تێڕوانینیان بۆ کولتوور وەک پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، وەک پرسێکی سیاسی و حزبی تەماشای کولتوور دەکەن.

**٢-٨ ڕەنگدانەوەی سیاسەتی کولتووریی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا:**

تەلەفزیۆن، سەرەڕای ئەو هەموو گۆرانکاریی و پێشکەوتوانەی بواری میدیا و هاتنی تۆڕەکانی کۆمەڵاتی و گەشەکردنی پەیوەندییەکان، هێشتا کاریگەریی و گرنگی خۆی لەدەستنەداوە. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی تەلەفزیۆن، دەتوانێت زۆر بەئاسانی خۆی لەگەڵ پلاتفۆرم و ڕەگەزەکانی تری بواری میدیا بگونجێنێت و بە ئاسانی بیکاتە بەشێک لە کایەی خۆی و لەڕێگەیەوە پەیامی زیاتر بە وەرگرەکانی بگەیەنێت. (Orbe,2012, p.248)

گەر پێش دروستبوونی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، تەلەفزیۆن تەنها لە ڕێگەی شاشەی ماڵانەوە پەیامەکانی بگەیشتایەتە بینەران، ئێستا لەڕێگەی ئامرازەکانەوە، خێراتریش دەگاتە ماڵان.

جاران ماڵێک یەک شاشەی تەلەفزیۆنی تێدابوایە، ئێستا جگە لەو شاشە ژمارەی ئەندامانی خێزان چەند کەس بن، لەرێگەی مۆبایلەکەی دەستیان و ئەو شاشە بچووکەوە هەریەکەی تەلەفزیۆنی خۆی پێیە. ئەمە جگە لەوەی پەیامەکانی تەلەفزیۆن، بە ڤیدۆی پارچە پارچەکراو لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، بە پێی ویست و حەزی خەڵک و بینەرەکان پەخش و بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش هێندەی تر ڕوماڵ و پایەمەکانی تەلەفزیۆن بە زۆرترین خەڵک دەگەیەنێت!

گەر تا ئێستا باسی گرنگی و کاریگەریی میدیا بەگشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتیمان کردبێت، نابێت خۆمان لەو تێزە ڕەخنەییانەش بەدووربگرین کە هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی دیدێکی رەخنەگرانەیان سەبارەت بە تەلەفزیۆن هەیە، بەتایبەتیش زانایانی قوتابخانەی فرانکفۆرت.

تیۆدۆر ئادۆرنۆ (١٩٠٣ – ١٩٦٩) کۆمەڵناس و فەیلەسووفی قوتابخانەی فرانکفۆرت پەرتوکێکی بەناوبانگی هەیە بەناوی **پیشەسازی کولتووریی (Culture Industry)** بەشێکی پەرتوکەکە بەناوی (چۆن تەماشای تەلەفزیۆن بکەین؟) سەرنجی وردو رەخنەگرانەی سەبارەت بە کاریگەریی تەلەفزیۆن لە ئێستا و ڕابردوودا، خستووەتە ڕوو.

ئادۆرنۆ، پێیوایە کەس لەمڕۆدا لە کاریگەریی و داگیراکاریی تەلەفزیۆن ڕزگاری نابێت، بەهۆی ئەو دەسەڵات و هێزی تەلەفزیۆن بۆ گەیشتن بە حەز و خولیاکانی بینەرو لەقاڵبدانی زیرەکی و هۆشی و ئاڕاستەکردنی بۆ ئەو شوێنەی کە خۆی بەرنامەی بۆ داناوە! (بن الوليد ٢٠٢٠ ص٥٦)

ئەم فەیلەسوف و کۆمەڵناسە ئەڵمانییە، جیاوازییەکی ورد دەکات لەنێوان پەیامی تەلەفزیۆن لەئێستا و لەسەدەی رابردوودا، پێیوایە پێشتر میدیا بە گشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتیی نەیدەتوانی هەموو وەرگرو بینەرەکانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، هۆکاری سەرەکی ئەم تێزەش بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەو ڕۆژگارەدا دەگەڕێتەوە، کە خەڵک سادە و ساکار بوون و ئامرازەکانی میدیاش وەک ئێستا کاریگەر و پێشکەوونەبوون.(163) :Adorno 1991)

ئادۆرنۆ، لەم کتێبەدا باسلەوەدەکات بۆچی تەلەفزیۆن ئەو هێزە گەورەی هەیە لە ڕاکێشانی وەرگر، چونکە پەیام و ئاماژەکانی بەرنامە هەمەجۆرەکانی لەگەڵ هۆشی وەرگر دەگونجێت و بژاردەی زۆرە بۆ بینەرەکانی، لە بەرنامەی: (کاتبەسەربردن، وەرزش، کۆمەڵایەتی، ئاینی، زانستیی.. هتد، بەڵام پاش ماوەیەک بینەر بەخۆی نازانێت بوە بە بەشێک لەو سیستەمە نەخشە بۆدارێژراوەی تەلەفزیۆن و کۆنترۆڵکراوە!)

ئادۆڕنۆ؛ پێیوایە سەرمایەداریی، لە ڕێگەی "**پیشەسازیی کولتووریی**"ەوە، مرۆڤ لە بونەوەرێکی ئەکتیڤ دەگۆڕێت بۆ مرۆڤی پاسیڤ، کە لەدەرەوەی پەیامەکانی میدیا، نەتوانن بیربکەنەوەو بڕیار بدەن و جۆرێک لە ئالودەییان بۆ درووستدەکات.

بە گەشەکردنی میدیا و هاتنی ئەو شەپۆلە بەهێزە لە میدیای کۆمەڵایەتی و تۆڕەکانی، هێندەی تر ئالودەبوونی مرۆڤی هاوچەرخ دەکەوت و وایلێهات ئێمە ڕۆژانە بەر مرۆڤی قورمیشکراو و ئامێریی بکەوین! ئەم کاریگەرییەش، لە منداڵەوە بۆ مرۆڤی بەساڵاچوو، رەنگدانەوەی هەیە و هەریەکە بەجۆرێک میدیا داگیریکردوون! (کریمة، عمر، ٢٠٢٤ ص١٥٣)

## تەوەری سێهەم:

## سیاسەتی کولتووریی لە هەرێمی کوردستان

سیاسەتی کولتووریی، لە هەناوی سیاسەتی گشتی و کارنامەی حکومەت میدیا ڕەنگدەداتەوە، بەجۆرێک سیاسەتی کولتووریی دەبێتە نەخشەرێگای ئاڕاستەکردن و گەشەپێدانی کولتوور لە ئاستی ناخۆیی و دەرەوەدا. لە هەرێمی کوردستان، سیاسەت و نەخشەرێژییەکی کولتووریی لە ئاستێکی لاوازدا، لەگەڵ بوونی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و دەیان دەزگا و ئۆرگانی کولتووریی، بەڵام تا ئێستا کولتوور، نەبوەتە بەشێکی ستراتیژی کارنامەی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەکارنامەی پێکهێنان و ڕاگەیاندنی زۆرێک لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پەراوێزێکی بچووک و فەرامۆشکراو باس لە بایەخی کولتوور و سیاسەتی کولتووریی کراوە! لەهێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە:

ئەم بەرنامەیەی حکومەت، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم ڕێکخراوە و بۆچوون و پلانی تێکرای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لە خۆ دەگرێت. جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش، بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت.

لە (خاڵی ١٢) دا هاتووە، حکومەتی هەرێم گرنگی تایبەت دەدات: بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا و پاڵپشتی بوارە: **"وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و کلتورییەکان"** لە هەرێمی کوردستان. (سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمKRG)

سیاسەتی کولتووریی، یەکەیەکی سەربەخۆیەو یاساو بنەماو ستراتیژەکەی لەهەناوی گروپ و ڕێکخراوی ئەدەبی و هونەریی دادەڕێژرێت. دەوڵەت، لەوڵاتانی دیموکراسیی و پێشکەوتوودا تەنها کاری چاودێریی و پشتیوانیکردنە، سەرەڕای ئەوەش، کەرتی کولتووری خۆی هانی دەوڵەت دەدات لە هەندێ لە خزمەتگوزارییەکان پشتیوانی و پشتگیریی بکات بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەو ستراتیژیی کارکردنی، بەدەر لە ئۆرگانە فەرمییەکانی حکومەت، میدیا ڕۆڵێکی گەورەی لە سیاسەتی کولتوورییدا هەیە. (کساب و بن سلیمان ٢٠١٣ ص٣٩)

پەیوەندیی نێوان سیاسەتی کولتووریی و میدیا بە گشتی و ئەو فۆڕمە میدیایەی لە هەندێك دەوڵەت بە میدیای نیشتمانیی ناودەبرێت، پەیوەندییەکی گرنگ و بەهێزە. ئەم پەیوەندییە زەمینە سازی دەکات بۆ ڕۆڵی لایەنە کاریگەرییەکانی تری کۆمەڵگە کە کاریان لەسەر گەشەپێدانی سیاسەتی کولتووریی هەبێت، بەتایبەتی ڕۆڵی ئایین و ئازادییە کەسییەکان، لەم پەیوەندییەدا کاریگەرو گرنگە. میدیا، بەگشتی و کەناڵە ئاسمانییەکان بەتایبەتیی بە پشتیوانی و پشتگیریی حکومەت، دەتوانێت لەچەند ئاستێکی جیاوازدا ڕۆڵی کاریگەریی لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریدا ببینێت. (رضائیان و .....، ٢٠١٩ ص ١٦٧-١٦٨)

لە دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢ وەزارەتێک دامەزراوە بەناوی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، پێکهاتەی ئەم وەزارەتە، بەشێوازێک داڕێژراوە کە گرنگی بە

بواری کولتوور و ئەدەب و هونەر و شوناس و مێژووی کورد و پێکهاتە نەتەوەییەکانی تر بدات. چەندجارێک پەیرەوی ناوخۆ و کارنامەی گۆڕانکاریی بەسەرهاتووە، دیارترین کارنامەی ئەو وەزارەتە، کاری لەسەر دەکات پرۆژەی ستراتیژی کولتووریی هەرێمی کوردستانە.

ئەم پرۆژەیە، لە پەرتوکێکدا لە ٢٠٠٩ چاپکراوە بەناوی: (**پرۆژەی ستراتیژی رۆشنبیری بۆ بووژانەوە و گەشەپێدانی کیانی رۆشنبیریی کوردستان**) لەلایەن د.فازیل جاف ڕاوێژکاری کولتووریی وەزارەتەوە نووسراوەو فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیریی لە کابینەی سێیەم و پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشتی و پێداچوونەوەی بۆ کردووەو پێشەکی بۆ نووسیووە.

پرۆژە کولتوورییەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، دیدێکی گشتگیرە بۆ مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ پرسی: (**کولتوور، زمان، شوناسی نەتەوەیی و میدیا**) لە هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە ئەم نەخشەرێگایە هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی کولتووریی کوردیی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەدەر نییە لە ڕەخنە و سەرنج، بەتایبەتی لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئازادیی ڕادەربڕین و گەشەپێدان و پاراستنی زمانی دایک و پۆشاکی کولتووریی و چەند بابەتێکی تری کولتووریی، ئەمە جگە لە مامەڵەکردنی میدیا لەگەڵ پرسە کولتوورییەکاندا.

ئەم پرۆژەیە، زیاتر بایەخی بە (میدیا و ئەدەب و هونەر) داوە، کە ئەمەش بەشێکە لە کولتوور، نەک هەموو کولتوور! کرۆکی پرۆژە کولتوورییەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، لە چەند خاڵێکدا کۆکراوەتەوە، بە ئامانجی ناساندن و گەشەپیدانی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستان، گرنگترینیان ئەمانەن:

١-جەوهەری فەلسەفەی ستراتیژی کولتووریمان، دەبێت لە سەر بنەمای "بووژانەوە و چەسپاندن و پاراستنی کیانی رۆشنبیری کوردستان بێت." ئێمەی کورد کیانی سیاسیمان نییە، هەر بۆیەش پێویستە کیانی کولتووریمان پێش بخەین.

٢- ئەوەی کە تا ئێستا نەتەوەی کوردی پاراستووە تەنیا کولتوورەکەیەتی کە: "زمان، کەلەپوور، موزیك، ئاهەنگی گۆرانی، جل وبەرگ، دابونەریت، جەژنی نەورۆز و ... هتد"

٣- لەگەڵ رەچاوکردنی رەسەنایەتی زمانی کوردیی، دەبێ شێوەزارە جۆرەبەجۆرەکان فەرامۆش نەکرێن، بەڵکو بەجۆرێك مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، کە هەموو شێوە زارە کوردییەکان وەکو جۆگەلەو رووبار، دەڕژێنە نێو ئۆقیانووسی مەزنی زمانی دایك.

٤-راگەیاندن، بەگشتی بوارێکی تایبەتە، بەڵام بووە بە تۆخمێکی رۆشنبیریش .چوونکە میدیاکان خێراترین و باشترین ئامرازی گواستنەوە و گەیاندنی چالاکیە هونەری رۆشنبیرییەکانە.

٥- دەزگاکانی راگەیاندن لەسەرێکەوە ئامرازی گەیاندن و گواستنەوەی زانست و هونەر و کولتوورن، خودی راگەیاندنیش بووە بە دیاردەیەکی رۆشنبیریی جەماوەری، لێرەدایە لەستراتیژی رۆشنبیریی، دەبێ رۆڵی گرنگی راگەیاندن لەبەرچاو بێت و، بە چاکی بەکاری بهێنێت.

٦- پێویستە گرنگی و بایەخی زۆر بدەین بە کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری ئایینە کۆنەکانی

کورد. (د.فازیل جاف، ٢٠٠٩ ل٤)

ئەم پڕۆژەیە، زیاتر وەک نەخشەرێگا مامەڵەی لەگەڵداکراوەو بەشی زۆری برگەو بەشەکانی جێبەجێنەکراون، بەهۆی مامەڵەی حوکمەت بۆ پرسی کولتوور.

ئەم پرۆژەیەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی چەند جارێک هەموارکراوەتەوە، دیارترینیان لە ٢٠١٧ و لە چوارچێوەی نامیلکەیەک بەناوی (هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی وەزارەتی رۆشنبیریی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەهەمواری پڕۆژەکەدا، فروانتر و گشتگیرتر باس لە سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستان کراوە، بەتایبەتیش لە بایەخدان بە:

١-سیاسەتی کولتووریی: وەزارەتی ڕۆشنبیریی وادەڕوانێ کە کوردستان فرە ئاین و ئاینزا و فرە کولتووره. وەزارەت وەک وەک هۆکارێکی دەوڵەمەندی کولتووریی لەم دیاردەیە دەڕوانێ.

٢-کولتووری زمانی لێکتێگەیشتن پردی بەیەکگەیشتنی گەلانە، وەزرەتی رۆشنبیریی بۆ برەودان بە ئاڵوگۆری کولتووریی، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیی و پێوەندی رۆشنبیریی نێوان کورد و نەتەوەکانی ناوچەکە بە پرەنسیپێکی گرنگ دادەنێت.

٣-پاراستنی تایبەتمەنی و رەسەنایەتی کولتووریی کوردستانی و هاندانی گیانی رەسەنایەتی و نوێخوازی و تازەگەری و بایەخدان بە گەنجانی ڕێچکەشکێن و پێشەنگ لە کولتووریدا.

٤-پاراستنی مافی خاوەندارێتی داهێنەر و داهێنەران ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە. دەبێت نووسەران و هونەرمەندان لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیاندا سودمەندی یەکەمبن. ئەرکی وەزارەتە بازاڕی کولتووریی بۆ بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندان لە ناوخۆو دەرەوە پەیدابکات.

٥-لەچوارجێوەی پرۆسەی دیموکراسی بوونی کۆمەڵگەدا، پێویستمان بە میدیایەکی پیشەیی و سەرراست و بەرپرسیار و ئازاد هەیە. تا لەگەیاندنی زانیاریی و فەراهەمکردنی مینبەری گفتوگۆ و رای جیاوازدا، سەرکەوتوانە ئەرکەکانی بەرێوەببات

بەدەر لەم پرۆژە یاسایەی وەزارەتی رۆشنبیریی، حکومەت لە پرسی شوینەوارو مۆزەخانە و کەرەستەی دێرین، یاسای تایبەتمەندی دەرکردووە. لەوبوارەشدا گرنگیدانی حکومەت بە شوێنەوارە مێژوویی و کولتوورییەکان، بە هەماهەنگی میدیاو کەناڵە ئاسمانییەکان، دەتوانن ڕۆڵی بەهێز لە پاراستنی شوێنەوارە کولتوورییەکانی ببینن. وەک: (کەرەستەی دێرین، مۆزەخانەنەکان، شوێنەوار و ئەدەبی زارەکی و ... هتد). لەم بوارەشدا حکومەتی هەرێم یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ی بەناوی(یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەواری کەلەپوری هەرێمی کوردستان/عێراق)ی، دەرکردووە. ئەم یاسایە یەکێکە لەیاسا گرنگ و بایەخدارەکان، کە لە کۆمەڵێک مادە و بەش پێکهاتووە. بەڵام لە پەراوێزێکدا باسی ڕۆڵی میدیای کردوە، تەنها لە بەشی ئامانجی یاساکە و لە مادەی یانزەی یاساکەدا دەڵێت: (ڕاگەیاندن و ناساندنی جێگە و شوێنە کەلەپوورییە دۆزراوەکان لەڕۆژنامەی فەرمیدا.) (ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ٢٠٢١ ژ: ٢٦٨)

یاساکە بە تەنها ئەوەندە باسی لە ڕۆڵ و کاریگەریی میدیا کردووە، لەکاتێکدا میدیا، دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە گەشەپێدان و ناساندن و بازاڕگەریی ناوخۆیی و جیهانی بۆ شوێنە کەلەپوورییەکان بکات و سەرنجی گەشتیارانی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ ئەو شوێنانە ڕابکێشێت.

بەدەر لە یاسای شوێنەوار، وەزارەتی رۆشنبیریی هەوڵی داڕشتن و دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە پیشەسازیی کولتووریی و داهێنەرانە داوە. یاسا و ڕێنماییەکان دەرچوون، بەڵام تا هەنوکە وەک پێویست کاریان پێنەکراوە.

یاساکە کار بۆ گەشەپێدانی کولتووریی و پشتیوانیکردنی لەلایەن حکومەت و میدیاوە دەکات، لەڕێگەی:

- تێکەڵکردنی کولتووریی لە پلانەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی، بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی، لە نێوان پێشکەوتن و بەها نەریتە ناوخۆییەکان.

- هاندانی پیشەسازییە کولتووری و داهێنەرەکان (وەک گەشتیاری کولتووری، چاپ و بڵاوکردنەوە، سینەما، شانۆ، شێوەکاریی) وەک سەرچاوەی داهاتی نیشتمانی، تاک و حکومەت. لەو بورانەشدا، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەند یاسا و ڕێنماییەکی تایبەت بە یاسای چاپەمەنی و مۆڵەتی چاپ دەرکردوە، یەکێک لەو ڕێنماییانە تایبەتە بە مۆڵەتدان بە بەرهەمهێنانی فیلم و ڕێنماییەکەش لە رۆژنامەی وەقائیعی هەرێمی کوردستان بڵاوبوەتەوە، لە ٢٤ مادەی پێکهاتووە، یاسایەکی مۆدێرن و گرنگە بۆ کاری فیلمسازیی و بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیی. ئەوەی مایەی ڕەخنەیە لەم ڕێنماییەدا بە هیچ شێوەیەک باسی رۆڵی میدیا و کەناڵە ئاسمانییەکانی نەکردوە، تەنها لە مادەی (٢١)ی ڕێنماییەکەدا دەڵێت: (تا پێنج ساڵ بەسەر نمایشکردنی فیلمەکە لە شاشەی سینەماکانەوە تێنەپەڕێت، نابێت ئەو فیلمانە، لە تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستانەوە نمایش بکرێن!) (وەقائیعی کوردستان رێنمایی مۆڵەتپیدانی فیلم ژ١٢ی ٢٠٠٤)

بەدەر لەیاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی، پەرلەمانی کوردستانیش کەمتەرخەمە لە دەرکردنی یاسای تایبەتمەند بە پرسی کولتوور، ئەگەر پێنج ساڵی رابردوو، وەک سامپڵێک وەرگرین لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٥ لە پەرلەمانی کوردستان سەرەڕای گرفتی چالاکنەبوونی ئەو دامەزاوەیە، بەڵام لەو پێنج ساڵەدا تەنها (دوو) یاسای تایبەت بە پرسی کولتوور، دەرکردووە! ئەوانیش:

یەکەم: یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

دووەم: یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای بەرێوەبردن وپاراستنی شوێنەوار وکەلەپوور لەهەرێمی کوردستان-عێراق (سایتی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٢٥)

# تەوەری چوارەم:
# لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

**شیکاری فۆرمی ڕاپرسیی**

لەم بەشەدا بەڕێکاری (ڕووپێویی) و بە بەکارهێنانی ئامڕازی ڕاپرسی تێڕوانینی دەستەبژێرێکی پسپۆڕو خاوەن ئەزمونی بواری کولتووریی و کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی، وەک مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراوە. کە ژمارەیان (156) بەرتوێژ بووە. لەو ژمارەیە هەشت کەسیان وەڵامەکەیان وابووە تەماشای تەلەفزیۆن ناکەن، بۆیە وەڵامەکەیان لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکی ئێمە نەدەگونجا، لەو ژمارەیە، وەڵامی (148) بەرتوێژ ماوەتەوە بۆ شیکارکردن.

**خشتەی (1): تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی توێژینەوەکە**

| زانیاریە دیمۆگرافیەکان | | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | مێ | 43 | 27.6 | 2 |
| | نێر | 113 | 72.4 | 1 |
| کۆی گشتی | | 156 | 100 | |
| **بڕوانامە** | خوێندنی باڵا **(ماستەرو دکتۆرا)** | 46 | 29.5 | 2 |
| | بەکالۆریۆس | 70 | 44.9 | 1 |
| | دیبلۆم | 31 | 19.9 | 3 |
| | ناوەندی | 8 | 5.1 | 4 |
| | سەرەتایی | 6 | .,6 | 5 |
| **کۆی گشتی** | | 156 | 100 | |
| **شوێنی کارکردنی سامپڵی توێژینەوەکە** | دامەزراوەی حکومی | 57 | 36.5 | 1 |
| | کەناڵی تەلەفزیۆنی | 55 | 35.3 | 2 |
| | کەرتی تایبەت | 30 | 19.2 | 3 |
| | ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی | 14 | 9 | 4 |
| کۆی گشتی | | 156 | 100 | |
| **ماوەی کارکردنی سامپڵی توێژینەوەکە** | 11 ساڵ زیاتر | 112 | 71.8 | 1 |
| | 6-10 ساڵ | 25 | 16 | 2 |
| | 1-5 ساڵ | 16 | 10.3 | 3 |
| | کەمتر لە ساڵێک | 3 | 1.9 | 4 |
| **کۆی گشتی** | | 156 | 100 | |

بەپێی خشتەی (1) کە تایبەتمەندی دیموگرافی مشتەی توێژینەوەکەیە: لەئاستی رەگەزدا (نێر) و لەئاستی بڕوانامەدا (بەکالۆریۆس) لە پلەی یەکەمدان. لەبارەی شوێنی کارکردن (دامەزراوە حکومییەکان) و لەئەزموونی کارکردنی میدیایی (لە11 ساڵ زیاتر) لە ئاستی یەکەمدان.

**خشتەی (2) : ئاستی تەماشاکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بەرنامە کولتوریەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان**

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| **نەخێر** | 8 | 5.1 | 3 |
| **هەندێك جار** | 93 | 59.6 | 1 |
| **بەڵێ** | 55 | 35.3 | 2 |
| **کۆی گشتی** | **156** | **100.0** | |

وەک لە خشتەی ژمارە (2) دەردەکەوێت کە ئاستی تەماشاکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بەرنامە کولتورییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بەڕێژەی نیوە زیاتر کە(59.6%)ە، تەماشای بەرنامە کولتوورییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تا ئێستا پرۆگرام و بابەتی کولتووریی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان جێگەی بایەخی بینەرانە، گەر کەناڵەکان پرۆگرامی کولتووریی سەرنجراکێش و ناوەڕۆک بەهێز پەخشبکەن.

**خشتەی (3) : گرنگیپێدانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بە بواری کولتوور**

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| نەخێر | 60 | 40.5 | 2 |
| هەندێکجار | 84 | 56.8 | 1 |
| بەڵێ | 4 | 2.7 | 3 |
| کۆی گشتی | **148** | **100.0** | |

لەم خشتەیەدا، دەردەکەوێت؛ گرنگیپێدنی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ کولتوور وەک بەشێکی گرنگ و ستراتیژ، لە ئاستێکی لاوازدایە؛ (نەخێر 40.5) و (هەندێك جار - 56.8) بەواتای ئەوەی سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە کە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆ بە کولتوور نادەن.

**خشتەی (4)ڕادەی گرنگیپێدانی کەناڵە ئاسمانییەکان بە کولتووری کوردیی**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| نەخێر | 41 | 27.7 | 2 |
| هەندێکجار | 96 | 64.9 | 1 |
| بەڵێ | 11 | 7.4 | 3 |
| کۆی گشتی | 148 | 100.0 | |

لە **خشتەی (4)** دەردەکەوێت بە پێی پێوەری لیکارد؛ گرنگیپێدنی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بە کولتووری کوردیی بەتایبەت (زمان، ئەدەب، فۆلکلۆر، پەندیپێشینان، داب و نەریتی کوردەواریی) لە ئاستێکی مامناوەندایە؛ تەنها **(هەندێجار)** کەناڵە ئاسمانییەکان، گرنگی بە کولتووری کوردیی دەدەن بە ڕێژەی (64.9%) تەنها (7.4٪) بەرتوێژان پێیانوایە کەناڵە ئاسمانییەکان گرنگی بە کولتووریی کوردیی دەدەن. لەبەرامبەریشدا(27.7%) بەرتوێژان پێیانوایە کەناڵە ئاسمانییەکان، گرنگی بە پرسی زمان و فۆلکلۆرو دابونەرێتی کوردەواریی نادەن.

**خشتەی (5): ئەو هۆکارانەی وا دەکات کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان گرنگی بە بواری کولتوور نەدەن**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| نەبوونی پسپۆڕ و میدیاکاری شارەزا لەو بوارەدا | 52 | 22.4 | 2 |
| زۆری تێچووی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی کولتووریی. | 13 | 5.5 | 4 |
| کەمیی زانیاری لە بەرامبەر پر سە کولتوورییەکاندا | 49 | 21.1 | 3 |
| نەبوونی بینەرو کەم بایەخی کولتوور لەهەرێمی کوردستان. | 11 | 4.7 | 5 |
| بوونی قەیرانی گەورەتر لە هەرێمی کور ستاندا کە بایەخی بابەتە کولتووریەکانی کەمکردووەتەوە. | 37 | 15.8 | 3 |
| کەمتەرخەمی کەناڵە کوردییەکان و نەبوونی پلانی میدیایی | 71 | 30.5 | 1 |
| کۆی گشتی | 233 | | |

بەپێی دەرئەنجامی ئەم خشتەیە بێت، زۆرینەی بەرتوێژانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە کەمتەرخەمی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان و نەبوونی پسپۆڕو میدیاکاری شارە لەبواری کولتووردا، هۆکاری سەرەکین بۆ گرنگینەدانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەپرسی کولتووریی کوردیی. 30.5% هۆکارەکەی بۆ کەمتەرخەمی کەناڵە ئاسمانییەکان دەگەڕێننەوەو 22.4% بۆ نەبوونی میدیاکاری پسپۆڕو شارەزا.

**خشتەی (6) ئامرازی میدیایی و بایەخدان بە بواری کولتوور**

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | 71 | 48.0 | 1 |
| ڕۆژنامەو گۆڤار | 3 | 2.0 | 4 |
| تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی | 66 | 44.6 | 2 |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان | 8 | 5.4 | 3 |
| کۆی گشتی | 148 | 100.0 | |

ئەم خشتەیە دەریدەخات ئامرازی تەلەفزیۆن، بە ڕێژەی(48%) لەهەموو ئامرازە میدیاییەکانی تر، کاریگەریی زیاترە لەسەر ئاڕاستەکردن و گەشەپێدانی سیاسەتی کولتووریی. بەدوای ئەویشدا، تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دێت بەڕێژەی (44.6%)

**خشتەی (7) شێوازی ئەو بەرنامانەی ڕۆڵیان لە گەشەپێدان بە سیاسەتی کولتووری هەیە**

| شێوازی بەرنامە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| دیکۆمێنتاریی | 52 | 22.4 | 2 |
| هونەریی و ئەدەبی | 13 | 5.5 | 8 |
| هەمەڕەنگ | 49 | 21.1 | 3 |
| ئاینی | 11 | 4.7 | 9 |
| ڕاپۆرت و بەدواداچوون | 37 | 15.8 | 4 |
| هەڤپەیڤین | 71 | 30.5 | 1 |
| دراما | 54 | 11.4 | 6 |
| بەرنامەی شوینەوارو فۆلکلۆر | 65 | 13.8 | 5 |
| ژیاننامەی کەسایەتییەکان | 50 | 10.5 | 7 |
| کۆی گشتی | 474 | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، بەرتوێژان پێیانوایە دووشێوازی بەرنامە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە گەشەپێدانی سیاسەتی کولتووری هەرێمی کوردستان

ئەوانیش پڕۆگرامی (دیکۆمێنتاریی) و (پڕۆگرامی ئەدەبی و هونەریی)ن. کە وەک یەک ڕێژەی (٪19.6) بەڵام زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە پڕۆگرامی (ئاینی) کەمترین ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی پرسی کولتوور و سیاسەتی کولتووریی بەڕێژەی (٪4.3).

**خشتەی (8): بنەکامانی داڕشتنی سیاسەتی کولتووریی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**

| شێوازی بەرنامە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەیەندیی |
|---|---|---|---|
| نیشتمانی و نەتەوەیی | 12 | 8.1 | 1 |
| حیزبی و سیاسی | 97 | 65.5 | 4 |
| شار/ناوچەی جوگرافی | 28 | 21.1 | 2 |
| ئاینی | 1 | 4.7 | 5 |
| قازانج و بازرگانی | 10 | 15.8 | 3 |
| کۆی گشتی | 148 | 100 | |

بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە سیاسەتی کولتووریی کەناڵە ئاسمانییەکان، زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە لەسەر بنەمای حیزبی و سیاسی داڕێژراوە بەڕێژەی (٪65.5) بەپێچەوانەوە تەنها (%8.1) پێیانوایە سیاسەتی کولتووریی ئەو کەناڵانە، لەسەر بنەمای نیشتمانی و نەتەوەییە.ئەمەش یەکێکە لەگرفتە دیارەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان، کە زیاتر بەرژەوەندی سیاسیی و حیزبی زاڵە بەسەریدا و کەمتر، بەرژەوەندی و هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی لە گوتار و پەیامی میدیاکاندا دەبینرێت. ئەمەش دیارترین ئاڵەنگارییەکی گەورەی بەردەم پێشکەوتنی میدیای نیشتمانییە.

**خشتەی(9): ڕەنگدانەوەی سیاسەتی کولتووری حکومەت لە تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستاندا**

| شێوازی بەرنامە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 10 | 6.8 | 5 |
| هاوڕام | 37 | 25.0 | 2 |
| بێلایەنم | 34 | 23.0 | 3 |
| هاوڕانیم | 48 | 32.4 | 1 |
| تەواو هاوڕانیم | 19 | 12.8 | 4 |
| کۆی گشتی | 148 | 100 | |

بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە، زۆرینەی بەشداربوان بەڕێژەی (%32.4) هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی کولتووریی حکومەت ڕەنگدانەوەی لەگوتاری تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستاندا

هەبێت، بەدوای ئەوانیشدا زۆربەی بەشداربوان بەڕێژەی (25%) هاوڕان، کە سیاسەتی کولتووری حکومەت ڕەنگدانەوەی لەتەلەفزیۆنە کوردییەکان هەیە. بەپێی ئەنجامی خشتەیەبێت، بەشێک لەبەشداران و مشتەی تویژینەوەکە، کە چارەکێکی بەشداربوان دەکات، پێیانوایە سیاسەتی کولتووریی حکومەت لە کەناڵەئاسمانییە کوردییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە.

**خشتەی (10): میدیایەکی حکومیی و برەودان به سیاسەتی کولتوریی هەرێمی کوردستان**

| شێوازی بەرنامە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| تەواو هاوڕام | 9 | 6.1 | 5 |
| هاوڕام | 30 | 20.3 | 2 |
| بێلایەنم | 26 | 17.6 | 3 |
| هاوڕانیم | 62 | 41.9 | 1 |
| تەواو هاوڕانیم | 21 | 14.2 | 4 |
| کۆی گشتی | 148 | 100 | |

ئەنجامی ئەم خشتەیە، سەبارەت بە بوونی میدیایەکی حکومی بۆ ئاڕاستەکردن و برەودان بە سیاسەتی کولتوورییە. زۆرینەی بەرتوێژان بەڕێژەی (41.9%)هاوڕان لەگەڵ بوونی ئەو بۆچوونەی کە بوونی میدیا و کەناڵێکی ئاسمانی حکومی، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە برەودان بە سیاسەتی کولتووریی. بە پێچەوانەوە (20.3%) بەرتوێژان هاوڕانین کە میدیا و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی حکومەتی برەو بە سیاسەتی کولتووریی بدات.

## دەرئەنجامەکان:

١- زۆرینەی بەرتوێژانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە پێیانوایە تا ئێستا تەلەفزیۆن، کاریگەرترین و بەهێزترین ئامرازی میدیایە بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی.

٢- ستراتیژ و مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، لەسەر بنەمای حیزبی و سیاسی داڕێژراوە.

٣- زۆرینەی بەرتوێژانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە پێیانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ سیاسەتی کولتووریی نییە.

٤- گرنگیپێدنی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ کولتوور وەک بەشێکی گرنگ و ستراتیژ، لە ئاستێکی لاوازدایە، تا ئێستا کولتوور، نەبوەتە ستراتیژی کارکردنییان.

٥- زۆربەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە پێیانوایە سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستان، ڕەنگدانەوەی لەپرۆگرامی کەناڵە ئاسمانییەکاندا نیە بەتایبەتیش لە پرسی (زمان، ئەدەب و هونەر و فۆلکلۆر)دا.

٦-  کەمتەرخەمی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، نەبوونی پسپۆڕو میدیاکاری شارەزا لە بواری کولتووردا، هۆکاری سەرەکین بۆ گرنگینەدانیان بە کولتووریی کوردیی.

٧-  زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە سیاسەتی کولتووریی حکومەتی هەرێم هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە پرۆگرامی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا نیە،

٨-  کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی، حکومی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە برەودان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی لەهەرێمی کوردستاندا.

٩-  زۆربەی بەرتوێژان پێیانوایە پرۆگرامی (دیکۆمێنتاریی)و (ئەدەبی و هونەریی) بەهێزترین پڕ بەرنامەن بۆ گەشەپێدان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی کولتووریی لەهەرێمی کوردستاندا.

## پێشنیارەکان:

١-  لەداهاتوودا، لەبەشەکانی میدیای زانکۆکان توێژینەوەی زیاتر لەپەیوەندی سیاسەتی کولتووریی و ئامرازە جیاوازەکانی میدیا بنووسرێت.

٢-  کەناڵە ئاسمانییەکان، ئامرازێکی میدیایی فرە ڕەهەندە، دەکرێت توێژەرانی تر، لەبارەی ڕۆڵە جیاوازەکانی لە پرسی کولتووردا بدوێن و توێژینەوەی جیاواز تر بنووسن.

٣-  سیاسەتی کولتووریی، چەمکێکی فرە ماناو فرە لایەنە، پێشنیار دەکەین توێژینەوەی زانستی لەبارەی ڕۆڵی سیاسەتی کولتووریی لە بوارە جیاوازەکانی میدیادا بنووسرێت.

## ڕاسپاردەکان:

١.  کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەتوانن لەپرسی کولتووردا، ڕۆڵ و کاریگەریی زیاتریان هەبێت، بەتایبەتیش لە پرۆگرامی دیکۆمێنتاریی و ئەدەبی و هونەریی، چونکە ئەم لایەنانە زۆرترین بینەریان هەیە.

٢.  کەناڵە ئاسمانییەکان لە بەرنامە و پرۆگرامیاندا، زیاتر ستراتیژی نیشتمانی و نەتەوەییان هەبێت، نەک حیزبی و ناوچەیی.

٣.  کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دەتوانن گرنگی زیاتر بە زمانی دایک بدەن، چونکە زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە، کەناڵە ئاسمانییەکان دەتوانن زمانی دایک دەوڵەمەند بکەن و تا ئێستا ئەو هەوڵەیان نەداوە!

## سەرچاوەکان

**یەکەم/ کتێبەکان:**

**یەکەم:سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١.  سومەیە گازل عابد، ٢٠٢٤ **ڕۆڵی میدیای نوێ لەبرەوپێدانی گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا**./دکتۆرانامە. زانکۆی سلێمانی.

**٢.**  چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ تارق جەوهەر/٢٠٢٥. سەبارەت **بە ڕۆڵی پەرلەمان لە داڕشتنی سیاسەتی کولتووریی هەرێمی کوردستاندا.**

٣. ئازاد عەزیز سلێمان، ٢٠٢٢ **سیاسەت و پلانی زمان لەراگەیاندندا**/کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە. نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

**٤.** ئازاد عەزیز سلێمان، ٢٠٢٢ **سیاسەت و پلانی زمان لەراگەیاندندا/کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە**. دکتۆرانامە کۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

**٥. مەسعود بابائی، ٢٠٢٢، سیاسەتی فەرهەنگی، فەرهەنگی، ئەدەبی و هونەریی وێژان.**

٦. د. سابر بەکر بۆتانی (٢٠٢٠) میتۆدی توێژینەوەی زانستی/چاپی دوەم خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٧. د.فازیل جاف، ٢٠٠٩. **(پرۆژەی ستراتیژی رۆشنبیری بۆ بووژانەوە و گەشەپێدانی کیانی رۆشنبیریی کوردستان)** هەولێر.

٨. د.هێرش ڕەسوڵ، د.کاروان عەلی.٢٠١٩، **راگەیاندنی نیشتمانی بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی**) سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.

٩. محەمەد ساڵح پێندرۆی ٢٠١٠ **ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئیتیکی رۆژنامەوانی/** بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردیی

١٠. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. KRG

١١. شێخ محەمەد عەلی ئەمین خاڵ، ٢٠٠٥ **فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم**. چاپخانەی ئاراس.هەولێر.

١٢. عەبدوڕەحمان زەبیحی(١٩٨٨) **قامووسی زمانی کوردی**، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی (انتشارات صلاح الدین ایوبی/چاپی دووەم- ١٩٨٨)

١٣. قەرەنی قادری، (٢٠٠٩) **کۆمەڵگە و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی**.چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک

١٤. مەحمود وەندی،(٢٠١٣) **ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەدواندنی کوردانی تەراوگە.** و: رابەر ڕەشید. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

١٥. نەژاد عەزیز (٢٠٠٥) **ئازادی لەبەهاری تەمەنیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

١٦. **هەردی مەهدی میکە، ٢٠٢٣) سیاسەتی کولتووریی ئێران بەرامبەر کورد لەبەر ڕۆشنایی دەستوور و یاسا و گێرانەوە ڕەسمییەکاندا.** سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی. ١٩٧ نۆڤەمبەری ٢٠٢٣)

**دووەم:سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١. كريمة عبد اللطيف عبد اللطيف السيد ٢٠٢٤ (**الإعلام الجديد وعلاقته بالهوية الثقافية العربية**) مجلة الدراسات الأفرواسيوية. مجلة علميه فصلية العد السابع (مارس ٢٠٢٤)

٢. *عبدالسلام غزيم، بايع راسوخلدون **٢٠٢٣ السياسة الثقافية: مقاربة سوسيولوجية**. مجلة املقدمة للدراسات إلانسانية والاجتماعية امللجلد٨ (العدد١) (جامعة باتنة/الجزائر)

٣. بوغوتة د. عبد الله، عباسي ابتسام / (٢٠٢٠) **مغريب معالم أساسية في طريق البحث في**

**الثقافة الشعبية**، مجلة علمية محكمة تصدر بشكل شهري، مجلة البحث في العلوم الإنسانية والمعرفية العدد ٦، ابريل ٢٠٢٠

٤. ابن منظور، (**ابن منظور، ٢٠١٦**) لسان العرب/ دار المعارف. القاهرة.

٥. **حنان (الحاج على 2015)** مدخل الى السياسة الثقافية. دار شرقيات للنشر وتوزيع/ القاهرة.

٦. أبو غازي، د.نادية بدر الدين، ٢٠١٣ **السياسات الثقافية في مصر في العقد الأول من الألفية الثالثة: دراسة تقويمية في ضوء المعايير الدولية للتنمية الثقافية**، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، برنامج الديموقراطية وحقوق الإنسان..

٧. د. فضيل دليو، (٢٠٢٤) **مدخل الى منهجيه البحث العلمي**، مكتبة نور_منشورات مخبر الاستخدام والتلقي في الجزائر

٨. غباري، فضيل أحمد ٢٠١٨ **أزمة الثقافة وأزمة السلطة بين التوصيف والتوظيف. مكان غير معروف**، المانيا : مركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية.

٩. كريمة د.مسعودي، عمر د.زاوي ٢٠٢٤ **نقد الصناعة الثقافية عند ثيودور أدورنو من منظور سوسيواستطيقي**. مجلة الحكمة للدراسات الفلسفية، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية جامعة وهران، الجز ائر.

١٠. يازجى، ٢٠١٠، مدخل إلى السياسات الثقافية في العالم العربي. بيروت.

**١١. يحيى بن الوليد، ٢٠٢٠ الصناعة الثقافية من منظور الفيلسوف تيودور أدورنو**،موقع: **ضفة ثالثة**

**١٢.** عابد خالد ٢٠١٦، **مسارات التنشئة السياسية في اقليم كوردستان - العراق بين التعبئة الحزبية والتأهيل الديمقراطي** ص١١٩.**مجله جامعه التنميه البشريه. عدد ٣**

**١٣.** د. سامية جفال، ٢٠١٣ **الاعلام و الثقافية و جدلية في ضل العولمة**. مجلة علوم الانسان و المجتمع. جامعه بسكرة، الجزائير.

**١٤.** جابريل ايه. الموند وجي.1988 **السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر: نظرة عالمية**. الدار الأهلية للنشر والتوزيع. عن جامعة المدينة العالمية/ماليزيا.

**سێیەم:سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

**١.** یومرث اشتریان، ١٣٩١ **.مقدمەای بر روش سیاستگذاری فرهنگی** .اول. تهران: انتشارات جامعەشناسان.

**چوارەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

1. **https://diffah.alaraby.co.uk/diffah**.**سەردانیان کردووە ٢٠٢٥-٣-١** توێژەران

2. (Mark P. Orbe,2012) The "Reality" of Media EffectsWestern Michigan University .

3. Adorno, T (1991.) ***Culture Industry. London*****: Routledge.**